# ئاوێنەکانی ڕۆژهەڵات



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ئاوێنەکانی ڕۆژهەڵات

بۆتان جەلال



کتێب: ئاوێنەکانی ڕۆژهەڵات - شیعر
نووسینی: بۆتان جەلال
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥١٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
موتیڤ: رزگار فەقێ عەولا + ڕەوەند
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٩٧٨)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

پێشکەشە

* دایکم و باوکم دوو مامۆستای سەرەتای ژیانم.

* "ڕووپاک"ی هاوسەر و خۆشەویستم.

* "تەمەن – تاڤاو – ڤەهێڵ"ی جگەرگۆشەکانم.



## کەڤاڵێک لە دەنگی وشکایی

پێخاوسی دار هەڵوژەکەم هەژاند
نەمزانی چیمەنستان بووڵێلێکە
ئۆخژنی بێ ئاویی مەرگی دەفرۆشێ
ڕەنگەکان لە مەراقی بازەرەبوون سەریان هەڵگرت
زەوی لە داخی بێ بارانی وشک و شەق شەق بووە
ئەهریمەن وەرزی هاتنە دەرەوەو گەشتیەتی
دوێنێ سەرێکی لە ماڵمان دا
پێکرا سەردانی پێشانگایەکی نوشتە ئامێزمان کرد
ئەهریمەن شریتی کردنەوەی پێشانگاکەی پێ سپێردرا
من لە جیاتی ئەو لە دەفتەری پێشانگاکە
ئەم دێڕانەم تۆمار کرد



(کە ڤاڵە سکێچ سوورەکانی بازەرەی (با) و قەوزەی دەوروبەری دەوارە
سووتاوەکانی دێیەکەم ئەتڵەسی ڕێناسێکی شارەزایان لێ شاردۆتەوە کە
دەمێکە شوێنەواران
بەدوای وێڵن، لە نێو گێژەنی بوون و مەرگدا سەرێک بەقەد
پیرۆزیی دودیەکەی نوح نوێم دەکاتەوە، هەنگاوە
تەناهییەکانی زوێر بونی خواست و پرشەنگی تەلیسمی
هەناسەمن ئەوندە لە نێو تەمی هەناسە سپییەکانی قەیرە
کچەکان خنکاوم خەریکە باوەڕم بەدیدی خۆشم کز ببێت
من تا ئەمڕۆکەش بچووک دەبمەوە لە نێوان دوکەڵی ئاگری
دێیە سووتاوەکەم و هەڵمی سپی هەناسەی دەستگیرانەکەم،
وەک هێمای هاتوچۆ سەرم بەرەو دووریانێکی بێ
هاتنەوەیە، کەمێک بەخشندەیی بەسەر دڵەڕاوکێم ببارێنن،
نەبادا وانەیەک لە فرین فێر بم و بەیەک باڵ بەرەو پاکیزەیی
خودا بفرم، دێیە خاپورەکەم لە ئەنفال و هەناسە سپییە
دامرکاوەکەی دەستگیرانم دوو دیمەنی تەجریدی بوون
بەدەستی شێوەکارێکی بێ ویژدان کێشراون)
لە هێزی گوڵ
توانای سەرکەوتن بەرەو خۆر وەرگرە
ئاشتییەکەی ئادەم
کۆتایی بەگشت گوناهەکانی سەر زەوی نەهێنا
جارێکی دیکەش
تۆفان هەڵناسێ و نوحیش باوێشک نایباتەوە
لەم کیشوەرە خودایییەدا

پاپۆڕێک لە دار سنەوبەرێکی بەر بەفر چێ کەین
بازنە ئاگرینییەکان
بەردە شووشییەکان
مشتێ دەنکە گەنمێکی ئەم ئۆقیانووسەیان پێ سەوز نەکرا
نەبادا زوو شەو دابێ
با چرایەک لە فرمێسکی حەواو هەناسەی مەریەم هەڵکەین
ئەو ڕۆژئاوایە هەر بای لێ دێ
درەختە پیرۆزەکانی دوێنێ و ئەمڕۆمان
بەدەمیەوە سەرسامن و پەنجەکانیان لە ڕوویدا کردۆتە ڕەشماڵ
لە بۆنی درەختەکانی ڕۆژهەڵاتەوە زانیم
ئەمڕۆ ڕۆژ زوو ئاوا دەبێ
ژنە زگ پڕەکان جمکی نەزۆکیان دەبێ
ئەسپی میر لە کاروان ناگەڕێتەوە
– با – لەوانەیە بۆ دواجار هێز لە خۆر وەرگرێ و
هەورەکان بئاوسێنێ
لە تاریکیی باخچەکان و دڵتەنگیی شەقام
هێوربوونەوەیەکی ترسناک دەژمێرم
بەدەم چرپەیەکی سەوزباوی مەرجانیی
سۆناتای گۆرانییەکم داهێنا
ڕەنگبێ لە چلەی ماتەمینیی هونەرمەندێکی شارەکەمدا
بیچڕم
کە لە هەموو عومری خۆی پاداشت نەکرابێ
گۆڕی منداڵی یەکەمم زیاد لە پێویست درێژتر بوو لە چاوەکانی



دوو قاچەکەیم کردنە کێل
دڵم نەهات دوو بەردی بێ ناز قووت بکەمەوە
مووی سەر سینگ و دەستی چەپم
دەڵێی سپیاتییان کەوتۆتێ
جارێ خۆماوە بەدەم مەراق و سیا پەژارەییتان
بۆ هەموو تاسە و کۆستێکی ئێوە
چل ڕۆژان پرسە داگرم
تف لە قوڕگم وشک دەبێ
تیشکی خۆر هێندەی لە چایخانەی شاعیرە دەست بەتاڵەکانیدا
خەریکە ڕەنگی کاڵ ببێتەوە
وا بڕوا دوای چەند ساڵێکی دیکە
گۆچانێک لە مس و
شەبقەیەک  لە گەسک و
چاویلەیەکی نمرە ژێر سفر دەکڕێ
هەر کاتێ گەر بیەوێ بەیانییان
بەسەر دەفتەرە شڕو پڕەکانی شاعیرە دانیشتووەکانی
چایخانەی مەچکۆ هەڵبێ
شەقام وەڕس بوو
وەرزەکان پیر بوون
شیعر پەکی کەوت
سمێڵەکانمان سپی بوون
تەنیا مەچکۆ نەبێ لە شاعیرەکانی هەولێر وەڕس نابێ
زستانی ١٩٩٥

## هەرەس



تەکانی وردە پرتەوی هیوا مژاوییەکان
مۆمیابوونی چرکە بەبەهاکانی من بوون
لەگەڵ سەرەتای پایزدا
لە ئاهەنگی وەرینی جەستە دڵگەشەکان
خەنەی قژی چیا خوێناوییەکانی دەشوشتەوە
خوێن و کاتژمێر و جانتایەکی پڕ وەرەقە
ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی شارێکی بەرهەتاویان
مۆرانە باران کرد
(ختوکەی ڕامانی کچە بەر سێبەری ئەو دیوی سێبەر و خەیاڵ،
دوێنێ لە ماتەوزەی درێژۆکانییە دەمارەکەی منیان گێڕایەوە،
تا ماندووبوون پێکرا سەمایان کرد گۆرانی
دەهۆڵێیان چڕی، ماچ بارانی قژ و لێوو و سێ گۆشە و لاکێشە



تاریکەکانی یەکتریان کرد،
بەئاشکرا پەیمانی لێک نەترازانی ئەندامی جەستەی سپی و سۆڵەکانی یەکتریان مۆرکرد، کێ دەڵێ، سبەی قیامەت نییە، کێ دەڵێ پاش خولەکێکی تر چرکە داهاتووەکان مردار نابن، دایک و باوکمان ناگەڕێنەوە نێو ئەو سەندوقەی پێی دەگوترێ (هو حق علیکم) و من و تۆش نابینە بەرخێکی کۆپی کراو، کێ دەڵێ ساڵێکی تر لەسەر شەقامێکی جیاواز لە شەقامی قەڵا و منارە چاو لە یەکتر سوور ناکەینەوە)
وەرە یەک ماچم بدەرێ و
دڵم ژەنگ نەخش کە
وەرە یەک ڕامان تێم بڕوانە
وڵاتەکەم لێ بدزە
وەرە پێستە جەلاتینییەکەم متوربەی گوڵە نایلۆنەکەی
بەردەم (ئاغا)ی ئەو گوندە ئەنفالکراوە بکەوە
تێر تف بکە چارەم
وەرە یەک دێڕ لە گۆڤارێکی ڕەنگاوڕەنگ بنووسەوە
هەموو کتێبە مێژوویینەکانم
بەیەک دەنکە شقارتە بسووتێنە
وەرە (١٠٠) دۆلارم پێ بدەو
هەموو دۆنمە دزراوەکانی باپیرم بکڕەو
تلیاکی تیا بچێنە
وەرە یەکجار بەهەق پێم بڵێ تۆ ئینسانی
تا مردن سەرت بۆ دادەنوێنم و
هەموو خولیاکانی ترم سەر دەبڕم

یەکجار پێم بڵێ تۆ هەیت
تا بزانم بەڕاستی من ئینسانم
دەمێکە لە بوونم گومڕام
دەمێکە لە هەیئەتی ئینسانیم ونم.
(سالآنێکە لەبەر چاوی خەڵک تریفەی مانگە شەوی
گوندەکەم لێ ڕەش دەکەنەوە دەیکەنە تارای سەربوکی
کوڕی ئاغای نائاشنا بەعیشق و نیازی ویژدانی خاوێن)
گومڕان ئەوانەی هاوتەریبن
لەگەڵ چەمانەوەی پەراسووەکانی هەوەسی باڵا دەستێ
کە وا دەزانێ (زەوی) خڕ نییە
شێتن ئەوانەی لە گەرمای هاوین
دەنکە پرتەقاڵ
لە باخچەی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان دەڕوێنن
هەژارن ئەوانەی لەززەتی موچڕکەی جەستە
لە نێوان جووتێ مەمک و پشتە سێ گۆشەیەکی گۆشتن
دەدۆزنەوە
کە زەمان ناچاری کردوون
جەستەیان بکەنە تەختە ڕەشێکی نابینایان
سپییە
سپی نییە
ڕەشە
ڕەش نییە
شیرینە



شیرین نییە
تاڵە
تاڵ نییە
گرنگ ئەوە بوو
تا ئێستە لە بازنەیەکی داخراوی نیوە ئینسانیمدا
من و تۆ
فۆتۆکۆپی نیندەرتاڵ و
ئامێتەی تەبیعەتی (ئادەم)یمان هەر لاماوە
نیندەرتاڵ بووە مرۆڤ
ئادەم سەرمایەدار
من وتۆش
لە ژێر دیواری قەڵاکەماندا
هێدی هێدی
چەرمی مرۆڤایەتیمان دادەماڵێن و
تەبعی ئاژەڵ لەبەردەکەین
دەبینە سەگی بەر دەرگای سوڵتانەکانی خەلیج و
پشیلەیەکی چاو مۆنی دەستی جەندرمەو
ڕیوبیەکی پاشەڵ پیسی باخچەی ئاغا
هەموو خەڵک بوونە ئینسان تەنیا من وتۆ... هاوڕێم
بووینە فۆتۆکۆپی نیندەرتاڵێکی بەدبەخت
ئادەمێکی دۆڕاو

١٦/١/ ١٩٩٨ هەولێر

## جەنگی وێنەکان




هەموومان لە ئاست سڕینەوە
بچووکین بچووکین بچووک
ژیان نازی خەوێکە لەژێر سێبەری دارتوویەکدا
چۆلەکەیەکی باڵ زێڕین دەیکێشێ
ئێمە لە بوونمانەوە متمانەی ئەشقمان کەرت بوو
دەمانزانی شەڕانگێزێکی مژۆکی چوار پاڵوو
دەمی هەمیشە کراوەی هەڵمان دەلووشێ
ئێرەو ئێمە و ڕۆژی قیامەت
لە چاوەڕوانیی گۆدۆ دەڕوانینە پێشهاتەکان
پێشهاتەکان عەشقێکی بڕمووتیان
لە قوتووی شیلەی هەنگدا شاردۆتەوە
ئێرە کتێبێکی گەورەیە پڕیەتی لە وێنەی جەنگ



لاپەڕە دوای لاپەڕە
وێنەکان ترسناکترن و چاو لێڵ دەکەن
خەڵکیش سەری بێزاریی ڕادەوەشێنن
ئای لەم دڕندە چاودێرەی
دەمێک سست سست بەشەقامەکان دەگەڕێ
دەمێکی تریش میز لە سێبەری منداڵان دەکات
کێ لێرە دەنگە
کێ لێرە ڕەنگە
دەنگ و ڕەنگەکان
دەتوانن پێچەوانەی گێژەن مەلەوانی بکەن
ئەوەی لەگەڵ باران و گەرما وەرزەکان نەناسێ
سەری تۆپی ناو یاری تۆپی پێیە
گۆڕ
ئێمە
بارووت
شەڕ تەواو نەبوو
سێ چارەگی تیرەی بازنەی ڕۆح و ژیانمانن
چەند گوناهن ئەو سەرانەی نازانن بۆ دەبنە بەفر
بێ ئەوەی لای هیچ دۆند و بنار و دۆڵێک
وەسیەتێک جێ بهێڵن
جەنگ ئێوارەیەک لە دەرگای ماڵەکەمانی داو وتی
ئاوێکن نارژێنە ئاوەدانی

١٩٨٨ هەولێر



## کەداری مردن ترس دەگرێ

(پاژێکم لەو سیناریۆ زلە، لەو گەردوونە لەبن نەهاتووە سەمەرەیە، لە بزاڤێکی نائیرادی و هەندێ جاریش گومڕا، گومان لەو شتانەش دەکەم دەیانخۆم، هەوەس خۆشە، هەناسە ئەرکە، هەنگاو دەنێم بۆ دۆزینەوەی بۆشایی خود، دوکەڵ بێ تریسکە نابێ، – من– بێ سەروشوێن کامڵ نیم،چی بکەم تاپاژێک بم لە وجود، نزا بۆ سەرداریی گەردوون بەرم، بەڵکو مۆمێک لەسەر ڕێگام هەڵکات، ئەو تەمتومانەی لە دەوراندەوری ڕۆحم کەڵەکەیان کردووە ڕاونێ، هەندێ وەخت هەندێ... هەن... هە... چی لێ حاڵی نابم)

ڕاڕایی بووە خەملێنی خوێنە ئاڵەکانی جەستە
یەک چرکە بێ ڕاڕایی ونبوونی هاوسەنگیی نێوان
ئێمە و بوارە هێمنەکانی تارماییە
دەڵێی هەورەکانیش لە نیگەرانیی ئێمە ناگەن



وا لە ئاسمان دێن و دەچن
بێ وەی ماکێک دوای خۆیان جێ بهێڵن
ئەوەتا مەلە ترس ڕژاوەکان
دیق دیق تێمان دەڕوانن
لەسەر دارتێلێکی بێ چرای ژەنگ گرتووی بەر باران نووستوون
هەرچەند دەکەن و دەکەن
لە ترس و ڕاڕاییمان ناگەن
ئای... کە ترس بۆتە گرێ کوێرەیەک و هەر ناکرێتەوە

(ترس دارێکە ڕەگی لە باخچەکەی ماڵەوەمان ڕۆچووە، گەڵا، گەڵا، هەر گەڵای ترسە و دەکەوێ، گەڵای ترسی دیکە لە شوێنیا سەوز دەبێتەوە... گشت ڕەهەندەکان لە ئاست تارمایی سۆمای دونیا و ئاوابوونی – من – و بێ سۆراخیی ترس، بێ ئومێد بوون)

پاڵتۆ سوورەکە لەبەرکە
بەس لەیاد نەکەی
بەر لەوەی لە ژوورێ بچییە دەرێ
مەمکەکانت بەئاوێنەی زاواییم نیشان بدەی
چەندی دەکەم و نازانم لە نێوان ڕووت بوونەوەی
جەستەت و
چرنوکی مردن
چی بۆ من دەمێنێتەوە... ئەی ترس
ئەی سیحری هەمیشە بەرچاو
دڵم کەشتیەکەی تایتانیکە

جۆرەها چیرۆکی عەشق و
مەرگەساتی سەوزی لەسەر نیشتووە
ڕۆحم سێ گۆشەی بەرمۆدایە
هەرچی ئافرەتی دنیا هەیە بەسەریا تێپەڕن
پەڕ و باڵیان ڕادەکێشێ
نگومی دەریاچەی هەوەسم دەبن
هێندە بەرەو پیلی وەرزە عەدەمییەکان مەچوو
پەڕسێلکەش نیم
لە سەفەرێکی گەرمیان و کوێستاندا
خۆم بکەم بەژووری قەیرە کچێکی ئەم پیرە هەولێرە
ئەوەی لە نێوان سەفەرەکان دەمترسێنێ
تەنیا ترسە
هەر ئەو نەبێ یەک ڕۆژ لە مێرگی دڵمدا
ڕەشماڵێکی ئارامی هەڵنەدا
ترس
ترس
ترس لە مردن
لە مردن ترس
لەو مەملەکەتە لە بۆنی ئاسن بترازێ
هەناسەیەک نایەت
قفڵی ڕۆحم لە سپێدەیەکی بەهاریدا بکاتەوە
چەندین پرسیاری یەقینم



لەناو ڕۆحتا شی کردەوە
بێوەی لە لەزەتی جەستەی حەقیقەتت بگەم
سپییە تف و
لنجە ئاوی شێلوە ڕەنگ
گەمیتەی جولەیەکی سەیر بوون... هەر تێنەگەیشتم
ئای گوڵەخان
زۆرن ئەو شتانەی لە نێو پەنجەکانی دەسماندا مۆمیان و
تێشیان... ناگەین

(لە نێو تارماییەکی نادیار، پڕ لە شەڕەنگێزیی ترس و ڕاچڵەکین، دەوران دەور بەسەرابێکی تەنکی پرتەقاڵی، لە ئێوارەیەکی بەهاری ئاسمان تەنیو بەهەوری ڕەش و دڵتەنگی، لە چوارچێوەیەکی هەمدیس نادیار و نائارام... تۆ ڕاکە... ڕاکە، ئەی گیانە پاکیزەییەکەم... ڕاکە سەری من و پاکیزەیی تۆ و چارەنووسێکی تەڵخ... بارکەین لە نێو ئەو دنیا تاریکەدا، ململانێیەکی شیرین و کەم خایەن بکەین، دیسان بەدوای تارماییدا ڕاکەین، با ڕاکەین تا مردن پێش نەکەوتووە و گاڵتەی پێ نەکردووین، لەوەتەی هەین... مردن وترس گاڵتەمان پێ دەکەن ڕادەبوێرن... ڕاکە، ڕاکە... یان مردن یان ڕاکردن لە نێو ژیانێکی نادیار)

١٩٩٩ هەولێر



## ئەستێرەکان دەکوژرێن

فریو بە
دار گەنمەکە بڕنە
ساتە گەرمەکانی بچووکترین دۆزەخ
لە چاوەڕوانی زەربیەکی ژیلەمۆ
هێدی بەرەو ڕەگاژۆبوونی ئێسکی مۆخ
ڕووت دەبنەوە
ئەو بەردە ڕەنگاوڕەنگانە
ئاماژەی لەخۆچوونی کاتە
وەرە پێکرا بچینە ڕاوە ئەستێران
گەردوون
هێشتا سەری سپی نەکردبوو



من عەشقی غەمێک بووم
لە زێدو ئاسمانی شانەدەری دەکرد
من و عەشق و غەم
ئالآی شارێکی بێ تخووبی ململانێین
بەس ئێرە خۆشترە
لە شەقامە بلوورینەکانی خەونی دەست ڕۆیشتووەکان
فراوانتر بە ئەی هەناسەی بوون
بەسۆزتر بە ئەی دایکی گوڵ و باران و
خوێنی ملیۆن شەهید
ئێرە باخچەیەکی بچووکی دۆزەخە
لێرە ئاگر و باو بارووت
ڕەشبەڵەکی شەبەیخوونی مانەوە دەگێڕن
کە وشە بەردینەکانی ڕووبار
بەقەد تەمەنی کیسەڵێکیش زیاتر
سەهەندمەند بوون
ماچی لێوە ئاگرینەکان خۆشترە
لە ئاوی شەرابی ڕۆژانەکی پووچی
بەدوا سۆراغی هات و نەهاتە ئالوودە بووبێ
مەمرە وەرە توێکڵەکانی ژیارێ بخوازین
هێشتا لەجەلاتین بریقەدارتر  نەبووبێ
لە گۆڕی زانایەک گەرمیت
ڕووناکیی ژوورە سارد و سڕو تاریکەکانیش من دەبەخشم

سبەی لە پشتی گامێشێک
ژنێک دەزێ
منداڵی چاو زیتە ترشەلۆکی گوزەر
هەراش دەبن
دواتر
چەکداری شوێن هەنگاو بێ ئارامییەکانی ئێمەن
گەر لێم ڕوون دەبوو
ئەشکەوت و بنەدار و قوتابخانەکان
ئێوە شاگردی ئێستەو
ڕابەرە ئایندەکانیانن
ڕاست و چەپی هێڵێکی ڕەشکاوم
دەهێنا بەسەریاندا
ئەمڕۆ شیعر دەمرێ
سبەی من
دووسبەی گەردیلە
قەڵەمەکانی ئەمڕۆ
چش لە ئەفراندن و ئاسۆ دەکەن
بەقەرز
بۆ دایک و ئایندە وتار دەنووسن
هەورێکی سپی و کپە
مەمک دەبارێ
لەناو هێشووی ترێیە بزربووەکان



بەدوای لاوێ سۆراغ دەکا
کاتێ مژینی گۆبە پەمبەکانی
تک تک شیری  هەواڵە ترسناکەکان
بچۆڕێنێتە دەمی
بەنیگەرانی و ترس هەراش ببێ و
ببێ بە پادشای هەردەم گومڕا
چش لەو پاشایەی هەر کات گومڕایە
لە ئایندە دەترسێ
بنکە بەترس قاڵب دەکا

١٩٩٧ هەولێر



## سبەی

ئەو ڕۆژە ڕەنگالآنە دالّدەم نادەن
وا بستێ خۆر لە کەمولەیەکی گرژندا
بەسەر ئەوانەی عەتفیان ون کردووە
دابەش دەکەم
بەقەد یەک ڕەشماڵ
گەر ئاسمانم بدەنێ
دەزانم چۆن گۆڕستانی گوند و شارەکان
چراخان دەکەم
لێرەوە بەرەو شاری بەرەکەت هەنگاو بنێ
چۆلەکەیەکی باڵ شکاو بۆ پادشا گومڕایەکە
بەدیاری بهێنە



ئەویش تا چەند ساڵێکی دیکە
سێ گۆشەی ژنەکەی خۆی شاباش بکا...
ڕووبارێ گریا
لە فرمێسکی زانیم بەقەد من خەنییە
چیایێ هاتە گلەیی و تورە بوو
زانیم زێدی من پاش چەند مانگێکی دیکە
گۆڕەپانی خوێن بەربوونی تێدا دەچۆڕێ
خۆزگە دڵم درەختێ دەبوو
مەلە پەراگەندەکانی هەموو دنیام تیا گل دەدایەوە
خۆزگە دەسەڵاتی پیاوێکم دەبوو
هەرچی مێینەی ئەم وڵاتە هەنە
یەکە یەکەم خەڵات دەکردن...
چرکەی هەڵچوونی دەروونم ژەنگی هێنا
هەست و نەستم واخەریکە کوێر دەبن
چاوم کزن
دەستی چەپم ئێوە خۆش
دوو منداڵە بەهەشتییەکانم
یاری بەئایندەی خەتەرناکم دەکەن
کێ دێ بەیانییەک لە جیاتی ڕۆژنامە
دڵم بخوێنێتەوە
کێ دێ ئێوارەیەک لە جیاتی خواردنەوەی قاوە
سەیری خەت و ختوتی ناو لەپم بکا

کێ دێ نیوەڕۆیێ بەختم بگرێتەوە
کێ دێ پێم بڵێ سبەی چی دەبێ
تا منیش چیدی بەدیار شەوانی تاریکیما
مۆمی خەیاڵ و سەرابیم هەڵنەکەم
چیدی جوێن و تف و ڕەشبینیم
بەڕوویانا هەڵنەدەم
سبەی
ئای... سبەی
چ گرێ کوێرەیەکی دڵی من و ملیۆنەها
خەڵکی بێ دڵی وڵاتەکەمی...!

کانوونی یەکەم ١٩٨٨ – هەولێر






## منداڵیی کوردستانییەکان

(وریا بن، ئەو ژوورانەی تاریکن بێ چرا سەرمەکەن پێیاندا، ڕۆژی کریستال بارینەکە بینیتان چۆلەکەی سەر لەپی منداڵە ئاوسەکە چۆن هەڵدەلەرزی، دواتر گوتیان هێلکەی ڕەحمدانی چۆلەکەکە تەقی، دیبلۆماتێکی ڕۆژهەڵاتیی لێ کەوتەوە، لەو ڕۆژەی گۆچان بەدەستی دیبلۆماتە ڕۆژهەڵاتییەکان بەعەقڵ و بۆچوونی ڕۆژئاواییەکاندایە، ئاقاری هەموو دێیەکان فرچکیان بەدرۆ گرتووە، ژنی باڵا بڵند و نێوچەوان نوورانی لەم دەڤەرە کەم بۆتەوە، منداڵەکان هەر لە منداڵییەوە ئاوس دەبن، بەرەکەت نەماوە، وەرن چارەیەک بۆ ئەو ڕۆژە بدۆزینەوە کە ڕەنگ بێ تیایدا هەموومان ببین بەدیبلۆمات بەسیما ڕۆژهەڵاتیی و بەویژدان ڕۆژ ئاوایی)

کە لە دایک بووم
لەگەڵ یەکەم فرچکی هەناسەو

یەکەم دیتنی خوێنی پیسی منداڵدانی دایکم
زانیم نەخشەی وڵاتم وەک ئەو خوێنە پیسەی ئەو خوێناوییە
زانیم ئەمڕۆ و ئایندەی بوونم
وەک ڕۆژانی سەردەمی باپیرانم
گەردەلوولێکی بێ شوێن و سەرابی و تۆزاوییە
بەر لە بوونم
دەمزانی بۆغەم خواردن دێمە دنیا
ئێستاش لەگەڵ تەنگژە ژەنگاوییەکانی
ساتە دێمییەکاندا
وەک پاڵەوانێکی ئەفسانە
توند خۆم قایم کردییە
سەفەرەکانی (٣٦) ساڵەی تەمەنم
هەگبەیەکیان پڕە لە نوری خەیاڵ
هەگبەکەی دیکەیان درۆی ڕەنگاوڕەنگ
نەخەیاڵ
نەدرۆ
کۆشکی ئاواتی حەزەکانمیان بنیاد نەنا
٣٦ ساڵی پڕ باوێشک
٣٦ ساڵی تامەزرۆیی و
شەبەیخونی کەرت بوونی نەفس و هەناسەدان
تێڕامام
لە کۆچی (با) و باڵندە سەر ڕەشەکان
جغارەیەکم داگیرساند



ئەوەندە بیربکەمەوە ڕەنگبێ بیرکردنەوە کوێرم بکا
کۆچیش کێ تێی دەگا
هەنگاوە یان بزر بوون و سۆراغێکی ناتەواو
کە مردم
بەئاپۆرەیەکی کەم و
بەخوا حافیز بوونێکی سارد و سڕەوە
ڕۆحم بنێژن
سۆراغم هێندە کرد بەدوای خۆما
تا خۆشم ون بووم
سۆراخی کەسی دیکەم بۆ ناکرێ
نەبادا سۆراغ ئێوەش گومڕاکا
چیم داوە لە کۆکردنەوەی چیلکە دار و تریفەی مانگ
چیم داوە لە کردنەوەی ئەو دەرگانەی
کە ڕۆژێک هەناسەیەکی تۆیان بۆ نەهێنام
بەمن چی پەلکەزێڕینەی دوای باران بارین
ڕەنگاوڕەنگ بێت
گەر من لە غەیری تەڵخی و تاریکی
سۆنام بەهیچ ڕەنگێ ئاشنا نەبووبێ
خۆ چیدی ڕۆژانی تەمەنم نابن بەپرد
چیدی بلێسەی هەڵقرچانی ئاگری ڕۆحم
دووکەڵ بەسەر ماڵە هەژارەکان پەرت ناکا
چیدی لەناو قەپێلکی هێلکە شەیتانۆکە
خۆم حەشار بۆ بدەم

من وا بەئاشکرا دەڵێم
من شکاوم
ئەو خواوەندە بووم
هەزاران کچ بۆ یەک نیگای ڕەزا
مەمکەکانیان بۆم دەکردە دیاری
شەوەهای شەو خەونیان بەباڵای زراڤمەوە دەبینی
ئەمڕۆ
بتێکی شکاوم
ویژدانێکی ساردو جەستەیەکی داهێزراوم

(بەرلەوەی ڕوئیای گەردوون ڕووناک بێتەوە، نێر و مێ و زەمین بەرامبەر بەبوون و سێکس و چارەنووسی هەناسە لە دڵەڕاوکێیەکی ڕاستەقینە دابوون، باهۆزی تفە ڕەشەکانی ئادەم و لە لایەکی دیکەوە هەڕەشەی دەست پێکردنی قۆناغەکانی گەشەکردن و هەوری تێکەڵ بوونی سپێرمی نێر و هێڵکەی مێ بێن بەباران و بەسەر کێڵگەی گەردوون بۆ یەکەمین جار ببارێن، من هەبووم، من هەموو دەمەتەقێیەکانی خوا و فریشتەکانم گوێ لێ بوون، بەچاوی خۆم بینیم گەردوون سپی بۆوە، کاروان کەوتە ڕێ مرۆ ڕیزیان گرت، لە یەکەمین پرسەی مرۆڤدا من ئاوی پەشیمانیم بەسەر خەڵکیدا بەشییەوە، بۆیە بڕیارمدا ئیتر لە هەموو شتێکدا هەڵوێستەیەک بکەم کاتێ بۆم ڕوون بۆوە، من، خراپترین و ئاڵۆزترین و شپرزەترین کەسم لە هەموو ئەوانەی کە بەرگەی تفە ڕەشەکەی ئادەمیان گرتووە)

ئەو هێڵە ڕەشە ڕوون کەنەوە
با چیتر دێیە ئەنفالکراوەکان نەگرین



کێڵگەی سەد ساڵەی کوڕە شوانەکەی ناو پەرێز
هەتا دێ تارمایی دەڕوانێ
سێوە سوورەی کرمن دەگرێ
کچانی ئێمەی دڵکەپ کراو
دوای پەنجا ساڵ نەزۆکی
منداڵ
دوو منداڵ
سێ منداڵیان لە پڕێکدا دەبێ
سەختە دەرچوون لەو شێوانەی کە خۆیان بۆ خۆیان دروستکراون
سەخت ترە
لە بۆنی سووتانی ئەو گوڵانەی
لە ڕۆژی لە دایک بوونی مۆمەکاندا بڵاودەبنەوە
دەرگای گۆڕستانەکان دامەخەن
سبەی ڕەنگبێ مردووەکان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان
منداڵەکانیان چاوەڕوانیان دەکەن
مردووەکان بێ گوناه بوون
بۆیە سبەی ڕەنگبێ بگەڕێنەوە نێو ماڵە جەهەننەمەکانیان

(ئەوە دەیەوێ بەخت بکرێ با بێتە ئێرە، ئێرە بۆ غەریبان سەرهەڵگرتووان نەدیتکان زۆر بەبەختە ئێرە گەنجینەی بەختە تەنیا بۆ ئێمە نەبێت تێرامانێکی هەمیشەیی حەسرەتکێش)

زەرنەقووتەی سەر تێلی ماڵە تازە دەوڵەمەند بووەکان
زۆرتوند و ڕک دەزیقێنێ
ئافتاوی ناو گۆمە ئاوەکەی ساڵی پاری لافاوەکە

کت ومت نەورەسێکی باڵشکاوی قەیرەیە
تۆ بلێیی ئەستێرەکانی ئەو دەڤەرەش
وەک من چاویان هەر لە ڕێگای دۆزینەوەی بەخت بێ
کە لە ڕۆژی بەزاوابوونمدا بزرم کردبوو
تۆ بلێیی من کوڕێکی زۆرباش بم و
کەوتبمە ناو قوڕە لیتێکی زۆر چڕ و سەخت
دڵی ئۆقیانوسم ژەنگی گرتبێ و
ئەمرۆکە بووەتە پاقڕێکی بێ کەڵک
وا بزانم دەنگمە دەسووتێ
هەناسەمە
پچڕ پچڕ دەڕژێنە ناو دوو سی زۆر تاریک
ڕوناکییەکان ئەو گەردیلە خواوەندییانە نین
وەک فیزیکییەکان دەبێژن
ڕەنگ بێ نووری چاوی ئەو کچە بالا کەڵەگەتە بێ
هەموو بەیانیان لەسەر کانی
دەست نوێژ هەڵدەگرێ و
نووزەی گەڕانەوەی بۆ باوەشێکی گەرم دەخوازێ
گەر لەسەر پشتی بەفر بخەوم
دەبێ خەون بە سێگۆشەیەکی گەرم و نەرم نەبینم
هەر خەونێکیشم سێ گۆشەی تیابێ
بەختیارم دەکا

بەهاری ١٩٩٨





# ڤەهێڵی گیانەکان

نێوانەکان
پابەندی چارەنووس و ترسی مرۆڤێ بوون
هەمیشە
لە دەروونی یاخیبوونی خۆی ئاسایی دەیروانی
وا مەزانە هێمنیم ئێستا
گەواهی ویژدانی ئاسۆییمە
چرکەیەک زەمەنی ڕابردوو
ناسۆری برینی سەدەیەک ئازار و
خۆشەویستی (تۆ)م دەوروژێنێ
(دە) ساڵان داری بەختم ڕواند
دوای یانزە ساڵان وشکەدارێکم بڕییەوە

جەستە کرمن و ناوەخن
تەمەنیش مۆمێکە دەمسوتێنێ
بێ ئەوەی جورئەت بکەم لەدیاریا
فرمێسکێکی پەشیمانی
یا درۆ خەندەیەکی شادمانی دەرببڕم
ڕۆژان ڕۆیین
وەک گۆمێکی مەنگ مەستم
پێلای ژینگەم
بەخت و پەنجە هەڵبڕین
بەڕووی گەڕان بەدوای یەکێ بوو
تۆزێ ئارامیی دڵم پەرتکات
پێم ناڵێن بۆ کچێ نەبوو خۆشمی بووێ
خۆمن لە تاکە پەنجەرەی تەمەنمدا
یەکجار پەرییەکم کردە میوان
لە پەرداخی سەردەمی ڕۆمانەکانا
ئاوی عەشقم دەرخواردییدا
هەر دەپەنجە نەرم و سپییەکانی
سۆمای چاوە ڕەش و بریقەدارەکانی
قیبلە نوومای دوا ڕۆژمی تیا گەواهی دەدا
هۆ بەختی پووچ
دەبوایە ترس بکەیتە سوڵتانی ویژدان
جودایی جوداییم



نەخشەی ونبوون بوایە
ئەوها یەکجارەکی بمکەیە
شێتی عاقڵ بەرچاو
چۆن نەگەڕێمەوە بۆ شیعر نووسینی
شیعرە خەمناکەکانم
کە ئەسپە ژنێ لە ناخمایە
هەر چەند جارەی دەحیلێنێ
هەناوم دەکاتە ڕووبارە خوێنێ و
هێدی هێدی
بەرەو خەرەندی ناخم دەبا
بەوردە جۆگانم دەڕژێنێ

١٩٩٣ هەولێر



## وا دەخەوم
## منداڵە شیرینەکانم
## ئێوەش پێم بڵێن
## شەوباش بابە

حەزێک لە ڕەنگی سێو
ئازارێ درێژ وەک تەمەنی نوح
برینێ قووڵ بەقەد چاڵەکانی دۆزەخ
شینێ تاڵتر لە تاڵیی مەرگی مەم وزین
مردنێ وەک خۆم دوودڵ
وا لە هەناسەی جەستە لەرزۆکەکەم گەڵاڵە بووینە
ئەمڕۆ یان سبەی



دەبنەوە خۆڵەمێشێکی ڕاکشاو...
لە دایک بوونم
وەرزێ بوو لە هیچ وەرزێکی دیکەی نەدەکرد
درەختێ بوو
چوار بەری ڕەنگاوڕەنگی ئەسەفی دەگرت
لە بستێ ئاودا
شارێکی گەورە کەرت دەبوو
سوپاس بۆ بێدەنگبوونی دایک و باوکم
کە چرکە باڵاکانیان بۆم کۆ کردەوە
بەڕووت و قووتی نەیانخستمە بەر بارانی ئومێد...
ستایش بۆ تۆ
ئەی مەلی هەناسە و خەیاڵ
لە قوتوویەکی زێڕیندا
مووە سپییەکانی سمێڵمتان بۆ ئەمڕۆکە حەشار دابوو
وەرن نەخشەیەکی ڤەهێلاوی شارە گچکۆکەکەی - با -
بەدیار دوو لا دیواری گوندێکی سووتاو
بەئاوی سوێری چاوی پیرە ژنێکی لە ماڵ دەرکراو
بەجووتێ پێڵاو و گۆرەوی هەڤاڵەکەم
کە ئێستاش لە ئەنفال بێ سەر و شوێنە
بەقوڕە سووری دەم کانیاوێکی ژەهر کراو
لە نێو جووتە مەمکی کچە گەرمیانییەکدا دروست بکەین
وەرن سوێند بەپاکیزەیی ساڵانی ڕابردوومان بخۆین

چیدی جل وبەرگی ئەستێرەکان
بنکراسی بنار و ڕووبار
جەمەدانی لووتکە
لە قوماری شەڕێکی ناو ماڵدا نەدۆڕێنین
هەموو بزاڤێک بەچاوی ئێوەوە سپییە
بەدیدی من ڕەش
باڵای کتێبەکانی ناو جامخانەی ژوورە قوڕینەکەم کورتن
بەچاوی ئێوە دنیایەکن لە نوور
ئەوەی لەناو دەستی ئێوەدایە
لەززەتی پەرداخێکی پڕ شەرابی شەوە
جەستەی سپی و سفتی
کچە کوێستانییەکی ئەم وڵاتە قەرەجەیە
کە لەبەردەم هەڕەشەی گەردوولا هەڵاتووە
خۆزگە دەبوومەوە بەیاخیبوویەکی دەست بەدار
لێرە هەتا هەڵگورد
وشە و گوڵ و ڕۆحم ئاشنا بەئایندەیەکی
پاش سەرهەڵدانی گیانێکی پاقژ تر دەکرد...
باڵام تا نیوەی پشدێنم لە قوڕ چەقیوە
هەڵمکێشن
ئەگینا سبەی پەشیمان دەبنەوە
وا دەخەوم
منداڵە شیرینەکانم ئێوەش پێم بڵێن شەوباش بابە...!!



نەورەسی ئەو درەختە باڵا زراڤەی ڕۆژهەڵات
تەسەوفی ئاسمان گومانی بوونی خۆی دەچنێ
پەنجە بلوورینەکانی مەلی دەم ڕووبار
فلچەیەکی ڕۆح سووکی دەستی شێوەکارە بۆمب هاوێژەکەی
زەماوەندی پارساڵ
کە کارەساتێکی نایەوە
خەیاڵ بنوو
تا سنووری چاوت بڕ دەکات بنوو
هەر چ نەبێ
لەو گەشتی خەوە
دز و جەندرمەکانی ڕۆژهەڵاتم یەکە بەیەکە
ئاشنا بەدەفتەری بیرەوەرییەکانم کردن
ئای ڕۆژهەڵاتی بێ پشوودان چەندە ماندوویت!!
لەناو بەیەکداچوونی چزووی سێبەرەکان
نامەیەکی کراوەی جێپێشت
"ترس، هەمیشە ترس
بۆ سەر ماڵی ترسنۆکەکانیش
هەورێک لەبەرد"
ساباتێک لەژێر هەوری ئەو ڕۆژهەڵاتە دروست دەکەین
لەژێریدا خەمەکانی ڕۆژ ئاوابوونمان بە - با - دەدەین
لەگەڵ هاوتەریب بوونی هەورە بەفریش
ئاگردانێک لە چیرۆکی شکستەکانمان

بۆ زستانی دادێ جۆش دەدەین
وا دەخەوم... منداڵە شیرینەکانم ئێوەش پێم بڵێن شەوباش بابە...
جەستەم ئەوەی ئێسک بێ تێیدا نەرم بۆتەوە
خوێنم وەک جلە کۆنەکانی بەر مرۆڤی پێش سەردەمی
نیندەرتاڵ
هێدی هێدی کاڵ بوونەتەوە
ڕەنگبێ بە جلە ڕەنگ کاڵەکان لەم هاوینە گەرمە
تاڤگەیەک لە دووکەڵ
بۆ گەشت گوزارەکانی ناو خودی خۆم بنیاد بنێم
شارە بچووکەکان
دێیە گەورەکان
شەقامی پڕ لە ماسکن
ماسکی بێ هودەیی و ترس باران
ئێستا نا ئێستا
هەموو دەپرژێنە سەر جادە و کۆڵان
دەڕاکشێ
وەک تورە بوونت لەسەر لا پەراسوویەکی ئادەمدا ڕاکشێ
بەقەد باخچەیەک لە ڕۆژهەڵات پردێک لە پەیڤ
لەسەر زەوییە لاکێشەییە تاریکەکەی قۆڵنجی حەوا و
ماسکە بێ هودەیەکانی شەقام بنەخشێنە
هێلکەی ئایندە بە بارانی تف بچێنە
- هۆمیرۆس - هێندەی - نالی-



یاری بە بەردە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شیعر نەکردبوو
تامەزرۆیی کوێر بوو
ئەو چرایەی لە نێو چەمە سەوزەکەدا خامۆش کراوە
ڕەنگبێ سبەی ماندووبوونی خۆی لەژێر ساباتی دەڤەرێکی
تردا بنێژێ
هەر هەناسەیەکی ژەنگاویتان مژیوە
خێراکەن سیەکانتان لێی پاقژ بکەنەوە
نەبادا دوا هەناسەی ژەنگ
لە ئاهەنگی لە دایک بوونی ژەنەرالی زەمەنی دۆڕاو
ژەهر خوارد کرابێ
وا دەخەوم... منداڵە شیرینەکانم ئێوەش پێم بڵێن شەوباش بابە...
سێ گۆشەیەک لە تریفەی مانگ
لوولەکێک لە تۆزی بەرد
هەڕەمێک لە خشپەی شووشە
بازنەیەک لایەکی تاریک لایەکی ڕووناک
ژمارە ناکۆتاکانی پێش گزنگدان
ماتماتیکی ڕۆحی ئەو پیرەژنە ئەنفالکراوە بوو
بەر لە خوسان
وەک پەپوولە
بەسەر گوڵ و چیمەن و سوسنی کێوەکاندا
گۆرانی بۆ سوێی ژانە پیرۆزەکانی خۆی دەچڕی
لەگەڵ ڕیتمی نووزە نووزی هەر پارچەیەکیدا

ملیۆن و سەدان ملیۆن مندالّی چاوگەش
لە ڕەحمدانی جەللادەکاندا بەمردوویی لە دایک دەبوون
چ شتێ هەیە تالّتر
لە فرمێسکی چاوی جەللاد
چ هەورێ هەیە ڕەشتر
لە بوغزی دلّی سولّتانێکی هەمیشە شکاو
چ کردارێک هەیە لە دنیادا چەپەلّتر
لە چەشنی ئەنفالەکەی هەشتاو هەشت
وا دەخەوم
مندالّە شیرینەکانم ئێوەش پێم بلّێن شەوباش بابە
(جومگەی ئاگر، ڕیشالّی خۆر، چزووی هەوا، هێشووی ئاو، ناونیشانی
چوار دەقی شیعری شەیتانێکی تەلیسماوی بوون لە شەوێکی نووتەک
بەدەم فەلاّقە کردنیدا نووسیویەتی)
بەڕووناکیی ئەستونێک لە سێبەر
بەدوای هەلاّتنی مارێکی بۆر تەکانم پتر دەکرد
مشکێک چۆتە ناو جل وبەرگی ژنان
شەهوەتی مێینەیان لەو ڕۆژەوە کەفوکولّ دەکا
جانتایەک لە وردە لاستیکی حەرام
بەدەست قاچاغچییەکی بەردەم چایخانەی مزەوەرچییەکان
ئاگری گرت
من نەلێرە ڕاکشاوم نەلەوێ ئارامم
کورسییەکی کیسەلّی



لەسەر تەختەی شانۆ بە تەنیایی
بۆ بۆشایی گورانی دەلّێ
جەماوەر بەخەیالّ چەپلّەیان بۆی لێدا
باکووری  من سەرابە
باشووری تۆ هەورێکی نەزۆک
ڕۆژهەلاّتی من خەیالّە
ڕۆژئاوای تۆ بزر بوون
لە ئەوەلّ پریسکەی هەناسەی ئادەمەوە
تا دوا کزۆلەی نەفەس
ئێرەو ئەوێ ڕێگایەکی دوورە لە تێڕامان...
من دەخەوم و
مندالّە شیرینەکانم ئێوەش پێم بلّێن شەوباش بابە
١٩٩٩ هەولێر



# گڤەی – با – و خوێندنەوەی کتێب

١

بریسکە زەئبەقییەکانی تەمی ئارەزوو
ئاسکە کێوییەکن
ئاسان خۆ نادەن بەدەستەوە
لێرەوە یەکەم هەناسە و تەکان
سەری شەقام بەرەو جەنگەڵی ئارەزووی ئادەمییەکان
تێکەڵ بەدیدی مەلە ترس ڕژاوەکانی ڕوانینی حەواو
یەکەم چەقۆ و یەکەم مردن و یەکەم گۆڕ بووە
سەیرترین دووکەڵ من بینیبێتم دووکەڵی سووتانی ڕۆحی
قابیل بوو
لە تێنوێتی شەوێکی زۆر سارددا
گیانی بەخشییە چرکە چاوچنۆکەکان



٢

هەمیشە ماسییەکان
بۆ ژیانێکی ئاسوودە تر شۆڕش دەکەن
نەورەس
تا هێزی لەبەر بوو
دەنگی خۆی ڕژاندە نێو دەفرێکی گەچراو
خەونی شەقامێکی لە یادە
زیاتر لە بیست سەدەیە چاوەڕێییەتی
باران ببارێنێتە سەر خامۆشیی چراکانمان
وا دیارە ئەو هەورانەش دوای پشکنینیان
نەزۆک بوون
نەورەسەکە گوتی
شۆڕش بۆ شۆڕش کردن و پاقژکردنەوەی ڕێگایە
یان ناو ماڵ ڕازاندنەوە
خواوەندی هۆشمەند
وێنەی ئارەزووی بنیادەمیان بۆیە گەرم و گوڕ کێشاوە
نەبادا لەنێو ڕووباری ئازار و ئەشکەنجەکانی
بەستەڵەکە بەساڵاچووەکاندا کز ببێت
ئارەزوومان گەر سست ببێت
مرۆ شۆڕش دوای شۆڕش
تا مردن شۆڕش دەکات

## ٣

کۆڵان و شەقام و شارەکان
گڤەی – با – یەک هێوری کردوونەتەوە
مەگەر لە دەنگی گڤەی گوللە تیژ تر بێت
ئەو شارانەی
لە دەنگی گڤەی باو گوللە و چەقۆ ڕاهاتوون
ئاوی چڵکاوی
نێو کۆڵان و شەقام و شارەکان
لە خوێنی بەهەدەرچووەکان جیا ناکرێتەوە
ئۆی مرۆ
کەی دەنگی خوێندنەوەی کتێب و
گڤەی با و گوللە و چەقۆ
لێک جیا دەکەیتەوە
هاتووم خۆم بەئێوە بناسێنم
ئاشنایەتی لەگەڵ ڕووبار و مەل و چیادا بکەم
گوێم لە مۆسیقا وەنەوشەییەکانی ئێوە بێت
هاتووم سۆزم
لە سۆزی مێینەکانتان بئاڵێنم
وەچەیەک دەنێمەوە
خواوەند و مرۆ و خوێندنەوەی کتێبی خۆش بووێت
هاتووم خۆشتانم بووێت
بەناحەق ڕۆحم مەخەنە بەردەم
گڤەی با و گوللە و چەقۆ



## ٤

گەر ڕێگام پێبدرابایە
لێنەدەگەڕام لە دەوراندەوری جەستەی بێ خوێنمدا
بازنەی ترس لوولم بدا
ترسنۆکیم زۆر گەورەترە لە قەبارەی مەحەببەتم
ئەوەش گوناهێکە
بێ ئەنقەست فێری بوویم
دەڵێی ئەو دوو لێوەی من
ئاوی سوێری دەریای مردوویان نۆشیوە
تامەزرۆیان بەموچڕکێکی گەرم و گەزەبییەکی بن گوێچکە
ناشکێ
وەرن لە سێ گۆشەیێ نقومی ئاوی حەیاتم کەن
با ئەو تامەزرۆییەم سەرم نەخواو
بەو جاحێلییە شێتم نەکا

## ٥

پێیان بڵێین
چیتر ڕێزی گیای بن زناری چیاکان و
حورمەتی کچۆڵە گوڵ ئەستێرەی دەڤەرەکەمان
بەو شەڕە بێ دەرەتانە نەشکێنن
مەرج نییە هەموو شەوێک تا درەنگانی شەو
بەڕووی ڕێبوارانی شار پەنجەرەکانمان کراوەبن
ئەو دەلاقەیە دادەخەین

که چوار وەرزی ساڵ
گژە بایەکی توندی لێ دەچرژێ
ئەوان کۆمەڵێک پیاوی قومار بازن
سێ چارەکی شەو دەشکێ
دەوری مێزێکی بۆز و شکاویان داوە
خەریکی قومار کردن و مشتوماڵ کردنی سنوورەکانن

٦

لەبەر چاوی "٦" ملیار کەس
ئەنفالکراوەکانی ئێمەیان
لە بیابانی حوشتران گووم کرد
تەنیا پرشەنگی نێردراوەکانی تەم و مژ نەبێ
کەسێک تەرمێکی لە کێڵگەی پەمۆ نەچاند

هەولێر - ۲۰۰۰






## ئارەزووەکانی ماسی گرێکی ڕێک پۆش

ناخ دەڤەری ئەفسانە و میوەجاتی ئۆخژنێکە
ئێواران دێنە بن کەپرو لای منداڵی پەژموودە
نهێنی شەوی بەزاوابوونی مێردەکانیان دەدرەخشێنن
- با- پەرتەوازەی سێبەری ژیرانە
باران هێورکردنەوەی سۆزە هەڵچووەکانی پانتایی سۆزی کچێکە
کە هێشتا خۆی نەناسیوە
حەزم دەکرد لە دەریایێ ببمە پیاو
ماسی گژ و گیای نەمرییان بۆ گلگامش
لەژێر وردە بەردان شاردبێتەوە

وا بزانم لە جەهەننەمیش جێگام نابێتەوە
مادامەکێ هەقیقەت
لەناو گیرفانی چەپی دڵمدا کێبڕکێیەتی
بەپێبلکانەی دەنگە مۆسیکییەکان هەڵزنێ
تەرتیلی ئەو قەسیدە ڤەهێڵەی بنیادەم
لە نەغمەیەکدا پڕ لە حوزن بئاوازێنە
هەموومانی پێ سەر مەست کات
هەموومان حەزمان لێیە
لە ناسکترین ساتەوەختی گریانماندا
زریزەی ژانە متبووەکان
بەدەم ڕۆندکە شەڕابییەکانی خەفەت والآ کەین
پەنجەکانی دەستی چەپم خوارن
تیری ئارەزوو هەرچەند ئاڕاستەی سەوزە خەونێک دەکەم
نایپێکێ
وا باشە بەدەبدەبە چرچەکانی کوڕەکەم یاری بکەم
یان داشی دامە
لەزنارە بەسالآچووەکانی چیای سپی قژی سەرم
بۆ پیرەمێردەکانی گەڕەکەکەمان بتاشم
وەک تامەزرۆی تەمەنێکی ئاڵ و مەڕمەڕیم
خولیای جوانیی ژن و شیعر و خەونیشم و هەر پیریش نابم
لە مەملەکەتی بەرد بارین سەیوانێک
هەمیشە لە پەیڤ و ڕستەی هەوری پڕ ئاو



دەخەمە سەر سەرم
ماسیگرە ڕێکپۆشەکە
لە خوێنی لەق لەقێ خەڵتان بوو
کە هێشتا کۆچی گەرمیان و کوێستانی دەست پێ نەکردبوو
کچە هەراشەکەش
بۆنی بن هەنگڵی
متوربەی تامی لێوە هەنگوینییەکانی دەکات
ڕیگام بدە توێکڵی پیرە دار گوێزێکت بۆ بکەم بەبێشکە
یان لە گوڵە هەڵوژەیەک قردێلەیەکت بۆ دروست بکەم
جغارەکەم سوتاند
بێ ئەوەی ڕەنگی تۆی لێ مۆمیا ببێ
باشترە موچڕکێکی گەرم
بەهەموو عومرم بکرِم و خۆمی لێ بەزاوا بکەم
لە ئەتلەسی جەستە سفت و سپییە جوانەکەت
ئاماژەیەکی بەڕەونەق بنێرە
نەبادا بەر لەوە بروسکەی هەوەسە بەتینەکانم
تیلم تیلم بێت و
کوڕێنێتیم لە دەست چێ
تا سەر ئێسقان بەڕەچەڵەک بەنەرمیی  سێ گۆشەکانتان
ناسراون
کەوتوومەتە گێژەنێک بەو درەنگە وەختە
نازانم لە کوێ کەف و کۆڵی جووت بوون شریخە دەدات

لەززەتەکانم لە کام زەنبەقە چرکەیەدا
جاویدانە ڕەگاژووبوونی عەشق بازییەتیی ئێوە بانگەواز دەکا
ناشزانم لە کوێ ڕەشماڵی یەکجاریت هەڵدەدەیت و
لەناو کام ڕەشە مێرگێکی سێ گۆشەیی گەورە دەبیت
من جوایەز لەوانەی دڵیان شەکرە سێوە
ئارەزووی مژینی گۆی مەمکی مانگم
پتر لە گەرمیی ترپەی ژێر پێشیان
درەنگە شەوان دزەم بۆ ژێر لێفەی ژنەکەم کردووە
چەند گوناهین ئێمە
مومارەسەی تێکەڵ بوونی ئاساییمان
بەهاترین نرخی لەسەرە
یاقوتی خەیاڵە ئاڵۆسکاوەکانی مەل
دەستووری چ ئاینێک لێمانی قەدەغە کردووە
کە قەشەنگترین هەناسە دانسقەکانی مەراقە وڕێنەییەکانمان
تیایدا بەڕەنگی شەرابێکی قورمزی دەشۆرێنەوە
ئای خانمە بچکۆڵە ناز مەرجانییەکەم
چەند پێویستیم بەشیلەی لێوەکانت هەیە
مەراقمە بێ ژاڵە ژاڵ شەوان
لە ژوورێکی پڕ لە ئاگردان و سوراحیەی شیرینە شەراب
تێکەڵ بەیەکتری ببین
تاریکستانی پێدزەی ڕێنماییە خواییەکان
وەک دوو نەورەسی سەر ئاو
دەمار و باڵەکانمان خامۆش بکات



لە مەراقی تێکەڵ بوونی ئێوە هەزار پرسیار لە دایک دەبێت
پرسیاریش گوناهێکە
ئێمە دەستمان لە دروست کردنی نییە
چڵووکی سێبەرە سنۆبەرەکانی باڵا کافوورییەکەت
بەئاستەم بۆنی ڕێواسی لێ دێ
کە هەورەکان ڕەنگە لێڵەکانی چاو بزر دەکەن
ئەو کات یەکپارچە جەستە سپییە ڕازیانەکەت
وەڵامی ماچە پرسیاراوییەکانی ئەزەل
لە بێشکەیەکی تابلێی نەرم و نیان و ئەڤیناویدا دەخەوێنێ
سەرم بەسینگە زێوەرییەکەت نەکەم
چوزانم سبەی ڕێگای ماڵەکەمان لە کوێوە دەست پێ دەکات
هێندە کۆلەوارم و تەنافی عەشقی تۆش
زیاتر وەک بایەکی جلەو کراو
دەمهێنێ و دەمهەژێنێ
بێ ڕاوێژ سەرم دەخاتە ژێر قاچە بێ ڕەحمەکانت
نازانم سۆمای چاوەکانمە وا کز بووە
یان باڵای ئەسپێکە لە شەڕدا تێک شکاوە
چاو و ئەسپ و شەڕە درێژ خایەنەکانی دنیای ئادەم
لە پای چی لە پێناو ئارەزوویەکی هێشوویدا
هێندە گەرم و گەرم هەنسک دەدەن
کە خۆشیان نازانن شەڕ بۆچی لە ئارادایە"""
حوزەیرانی – ١٩٩٩ – ئاداری ٢٠٠٠/ هەولێر



## پیاڵەیەک لە شەرابی خەو

پیاوە بزرەکە
لەگەڵ ژەمی ئێوارانی پەپوولە باڵ ڕەنگینەکان
نان بەش دەکات...
دارستانی خەمی ڕۆژانی ئێستایان
تێکەڵ بەدەنگی نەرمی لێکترازانی بەرد و
ستوونە خۆرە لێڵەکانی شار دەکەن...
دەنگی پیانۆی شاژنی تێڕامان
شیعرێک دەخەوێنێ
کە شکۆمەندی بۆتە داری بن دیواری مزگەوتێک و
درووده بێ سنوورەکان ڕەنگ دەکات
چاوەکانی دادەگیرسێنێ
تا تەم نەبێ بەگۆڕەپانی تەرم و



باویشکی بۆشایی...
گفتوگۆی ئاوێنەکان
جوانترن لە دەنگی تەیارەی بۆمب هاوێژ
مەلەکان ئازادکەن
با ئەوان نامەی سپی بۆ بەهەشت بەرن
لە وەتەی با و بۆران و بوومەلەرزە
پەرژین بۆ ڕەنگ و گەرمبوونەوەی دارخورما دروست دەکەن
جوانییەکان دەکوژرێن
گیا و ڕووبار ڕەنگیان هەڵبزرکاوە.
با لە تابلۆیەکەوە وێنەی زەردەشتییەک بکێشین
تا دوێنێ ئاوکێشی ماڵی پادشاکانیان بوون و
ئەمڕۆ تاجی سەروەرییان لەسەرە
ئاگر دزەکە چەندی کردی نەگەیشتە ئەو سەفەرەی
کە گەڕانەوەی بەقەد چیایەک جوانە
لە مردن زیاتر بیرت لێ نەکردینەوە
بۆیە شەقامەکان بۆنی پایز و
دارتێلەکان داچەماون
پیاڵەیەک لە شەرابی خەو
لە خەرمانی وەنەوشەیی سۆماکانی چاوتم ڕواند
هێندە چرۆی سەوزیان کرد
بۆم نەکرا دەسکەنەیان بکەم
بۆیە بۆنی چرۆیەکانتم بەنهێنی باڵی کۆتری شار
نارده خامۆشی ژوورەکەت

وەنەوزێکی پیرۆز بنوێنە
با لە خەیاڵی یادی جارانت
کەپرێک لە ئارامی و
شارێک لە عەشقی سەوز و
ئاسمانی بەرینت بۆ بکەم بە ئاوێنە...
گوڵێ
ئێستاش ئەسپەشێیەکەی بیست ساڵ بەر لە ئێستای
لەگەڵ هەموو وەنەوزە خەیاڵێکی گەرم
لێم دێتە ژوورێ و
لاپەڕەیەک لە ڕەشنووسە کۆنەکانم بۆ دەخوێنێتەوە.
گوڵێ
نەک بیست ساڵ
تا دوا هەناسەی ژیان
هەر تۆ ئەسپەشێی عەشقی و
منیش کتێبێک لە سۆزانی ئاگردانێکی درەوشاوەی
هەمیشە گەنج.

٢٠٠٥/١١/٧
هەولێر






## ئاوێنەکانی ڕۆژهەڵات

نیگەرانیم لە ئاوێنەی مانگدا بخوێنەوە
بەردبارانی کام ڕووباری بەر تریفە و با و بۆران دەکەن
ئەوەی بەندتان کردووە
دڵم نییە
چارەنووسی ویژدانە
بۆ سنووری پاک و سپیی مرۆڤ
هەمیشە لە نزادایە
دوو بازنەش بسووتێنم
چەند ساڵێکی تەمەنیشم لە دەست چێ
چرۆی عەشق و ختوکەی جەستەم
هەر بەتۆ گەرم دەبێتەوە
قوتووی  میوە و فستق

شەبقەی مەکسیکی
بنکراسی شەو نووستن
لە نێوان هەردوو هێڵی تەلەفۆنی
ماڵی ئێوەو دەستە خوشکەکەت
ئاڵوگۆڕیان بوو
لە هیکرا خەت پسا
جەستەی تۆ ساردوسڕ
ئەویش بێ خوێن و گەرمایی
مووی زمانی ئەسپ
چەقۆیەکی لە کێلگەی شادەمارتا ڕوواند
لە نەخۆشخانە
خوێن دەفرۆشنە
پیاوی ناهەموار و
قاچاغچی و
چەنەباز
بۆ ناچیت خوێن ببەخشیتە
سەگ و
پشیلە و
مشکی ماڵە دەوڵەمەندەکانیش
پێستی سەرم فرمێسک دەڕێژێ
قاپ و قاچاغ و پارەی مس و فافۆن و سەماوەرێک
ڕۆژێکی تەنگ و گرژیان بینی
هێشتا لە نێوان ئاو و ئاگر بوو



مرۆڤ دڵی خۆی دۆڕاند
هەر زوو لە ئاست تەرازووی سروشتا
مل کەچ و دەم تەقیو
خۆی نواند
دار عەسای ئەسحابە سپی و
چاویلکەی تۆخی ژەنەڕاڵ
لە کام مۆزەخانە
میوە دەفرۆشنە
ئەوروپی و ئیسلامییەکان
دەنکێک ڤاڵیۆم
دوو جگەرە
نیو پەرداخ ئارەق
فلمێکی سێکس
کۆماری حەسانەوەی تۆ بوون
ئەی ئێستا بۆ جنێو بەسەرۆک دەدەی
وێنەی کچە ڕووت و قووتەکەی
بن دۆشەگی دەرهێناو
دووجار ماشائەڵڵای لێ کرد
لە نێو خەیاڵی گەرم و
جەستەی یەکجار گەرمی
تا بەیانی سەعات دە
نغرۆ بوو
زەنگی قوتابخانە لێی دا

ماموستا تازە حزبییەکەش
خەریکی لافیتە هەڵواسینە
قوتابییەکان
بەکرێگیراوی زەرەرمەندی ئەم زەمەنەن
دوا ڕۆژیان مەگەر بۆ خوا لێگەڕێی
لە کاتژمێری سەر مێزی ژووری باوکم دا
بینیم منداڵێک لەگەڵ
بۆمب و
گا و
دیکتاتۆر
یاری دەکات
سەرم لە زانستی ئابووریزانی دەرناچێ
زستان و هاوین
چرای ماڵەکانمان خامۆشن
نەوتی خڵتاوی ترپەی دواییتی
دەڵێن بیری نەوت لە ژێرماندایە
کەچی چراکان هەر کز دەسووتێن
خۆماڵی کردنی نەوت لە کام لاپەڕەی دەستکەوتەکانی
شۆڕش دایە
ئێستە لە تۆمارگەی چاوی کارمامز و
کۆترێکی بەر باران نووستوو
نووسراوەتەوە
بۆ دەترسی لە مردن و کەساسی



کە دەزانی شەمەندەفەری عەشق
هێشتا لە وێستگەت نەوەستاوە
تاوانبارم دەرهەق بەشتە وردەکان و
هێڵە سوورەکانی چیاش
نوێژ دادەبەستن
دڵم وەک کۆنە سندووقێک کلیلی ژەنگی گرتووە و
کڵۆڵ بووە
پەیکوڵی خەونە وەنەوشەییەکان
مەلی باڵ بەستراو
لە ئاسمانی دیدەی ژان و
کۆمەڵێک گوماندا بوون
ئەو سەرە تاتکێیەت بەرەو کوێ
تاکەی نینۆکەکانت درێژ دەکەی
پێستت وەک جەللاتێن
دەستت گۆپاڵی ڕەق هەڵاتووی هاوینێکی ئاوەژووە
چرایەکە بکوژێنەوە
ئاوەکە بکەرەوە
دەرمانەکان فڕێ دە
ئەم جامە ژەهرە بخۆرەوە
چیرۆکی فۆلکلۆریت چیدەزانی
ئەم داستانەت نووسی
دوو پەیڤ و ڕستەیەکی کۆنینەم کرێ
بووم بە داستاننووس

ئۆقیانووسی مردووەکان
سەرچاوەی لەژێر حەوتەم پەراسووی ئادەمە
هێلکەی یەکەم کرمی ڕەش
لەناو قژی حەوادا ترووکا
دنیاش هیچ بوو
بۆیە ئادەم و حەوا
قەرەوێلە و دۆشەکی ژێر خۆیان فرۆشت
سوورن لەسەر پیاسەکردن
بەردی بچووکی سەر ڕێگاش لادەن
قاوەکە گەرم کەرەوە
جامێک بەفراویش
برژێنە سەر گوفەکی پشتەوەمان
دەرگای ئاسۆ
پەنجەرەی دوا ڕۆژ
ژووری بووک و زاوایەتی
یەک ترووسکەی پرتەو نەدا
چەکدارەکە بۆیە توڕە بوو
چەکەکەی دانا
دوواییش فرۆشتنی
گرد و پانتایی گۆڕەپان
بۆکام جۆرە ڕەبیە دەست دەدەن
ئاخۆ سەنگەر جارێکی تر لەیەک دەگرنەوە
گەر بگرنەوە



بەرزترین باڵەخانەی شار دەبیاتەوە
دووکەڵی جگەرەکەت دەڵێی هەورە گرمۆڵە بووە
ئەو شەوەی فەرهاد شیرینی تیا ماچ کرد
پشیلەکەی پیرەژن نۆ فەرخەی تری بوو
کارێژم کەوت
ئاوێنە ڕۆژهەڵاتییەکەم شکا
وڵاتەکەم
چوار دڵۆپە خوێنی تیا پژا
ئەنکیدۆ و برادەرەکەی لە زۆرانبازیدا ئاشنا بوون
گەر قەسیدەی ئەی ڕەقیب نەبوایە
(دڵدار) بەزگی دەدا
شیعری حەماسیی کوردی
هەتیو
دەبوو
ئەسپەکەی ئیبراهیم بەو بەیانییە بێ زین و خۆراک
لەژێر بەفر و زووخاو
دەربەدەر نەدەکرا
نیوەی مەم عاشق بوونایە
کێڵگەی هیچ دێیەک لە هیچ وەرزێکدا
وشک نەدەبوو
سنوور نەدەبڕا
ئاو و ئاگر و خۆڵ
کۆی گشتیی (هەوا)شی کەی

مرۆڤێکە وەک دەیبینی
لای ڤیساگۆرس ژمارە (١٠) موقەددەسە
لای ئێمەش هەرسێ بەردی تەلاّق
جارانم گۆرانییەک بوو ڕەنگاوڕەنگ
میزاجم خۆش و ڕووناک
جەستە و بیرم قەلاّ بوون
دڵم ئاسمان
ئێستا مردوویەکم لەسەر شانا
قورس و تورە و لەرزۆک
گەر گەردەلوولێکی ئاوازدار
پەلکی درەختە ترسنۆکەکان توور هەڵنەدات
شۆڕش بەرپا نابێت
چیتر کەس تەرمی مردووەکانمان نانێژێ
ڕاپەڕین
شۆڕش
خەبات
سێکوچکەی منداڵ بوون
ترس
بێدەنگی
خەمۆکی
سێ کوچکەی پەلەقاژێ و مردن
بەردە درێژۆکانییەکە



گۆشتە نەرمە سێگۆشەیییەکە
هەردەم هەوەسی جووت بوونن
لە هۆمایان ئاگریان تێبەر بوو
(نازانم تێر دیتنی ئەو کچانە نابم کە ختووکە لە دڵی پیاو هەڵدەسێنن،
نازانم تاکەی ئافرەت لام پیرۆز دەبێ، دەبێ تێر تێر بۆنی ژن بکەم... دەبێ)
دوای چەندین ئەزموون
دیسان شەڕ هەڵگیرسایەوە
پشتێنی نەتەوەیم کرایەوە
دۆخینی نیشتمان پەروەریم بەزی
شەرواڵی کوردایەتیم داکەند
دەرپێ قووتەی شەرەفم دڕاند
تازە ئەو هەموو بەرگ و جلە
ڕووپۆشی چی پێ بکەم
کە خۆم لە شارێکی بێ دەرپێ بم
لە هەندەرانەوە
نامەیەکی نارەزایی برادەرەکانمان گەیشت
لە نامە دوای سلاّو لە باری ئابووری وگوزەرانی سیاسیمان
دەپرسن و دەڵێن.
(خۆ لە شەڕە دوایینەکەی ئەمجارەی ناو شار لە تۆپ بارانەکە زەرەرتان پێ نەگەیشتووە، منداڵەکان خۆ ناترسن، گەر زۆر نیگەرانن شەوان لە ماڵ مەمێنن، گەر هەر نا بەئۆتۆمبێل بڕۆنە دووری ئاوەدانی نیوەڕۆیان بگەڕێنەوە، بەڕاستی دڵمان لاتانە، خوا بتانپارێزێ لەم شەڕە ناوخۆیی و ناوچەیی و دەولییە ئیتر هەر سەر فرازبن سەرکردەکان لە پێناو ئاوەدان

کردنەوەی گوندێک و وێرانکردنی وڵات)
لە کۆتایی نامە
ئازارەکانتان
کاتێ لە شاخ فرمێسکی خەباتیان بۆمان دەڕشت
تەنها چاوی تیمساح بوون
ناتەبایی و ناڕێکیمان
ئەکسیر دەبەخشنە زامەکانم
باڵۆرەی کام کەسەرتان دەوێ
لە هاڵاوەی سووتانی دڵما بهێنمەدەر
بەر لە تەواوی تەمەنی خۆشما
پێشتریش
من بۆ ئێوە قەڵغان و بێشەڵانی خەمتان بووم
هەوری قڵێشاوی بەر تریشقە و گوزەر
کەی بەرچاوی ئاسۆتان جێدەهێڵێ
خەریکە وەک ئاقار شەق دەبەم
وەک گڕ خۆم دەسوتێنمەوە
وەک دار کرم بەردەدەمە جەستەم
زەریا و ئەستێرە و دەڤەر
کەی هاوڕێیەتی ئارەزووەکانمان دەکەن
گەر زەوی وەهایە
گەر ئاسمان دژە سروشتی مەیلەکانم دەبەزێنێ
قاچم بۆچی هەموو ڕۆژێ



ئاستە ڕووەکانی ماچ دەکات
چرکەی بێزاریی دوای کوشتنی بەتاڵبوون
چ ئومێدێک
لە ڕەحمی دایکی شەهیدێکا دروست دەکات
ساڵان
بەفری دوندەکان
دیدەنگەی ڕۆشن و هاوتای خوێنی گەرمی
دڵی پڕ ئومێدتان بوو
داربەنی سەوزی قەد زنار و چیا
سوێندی شیرینی لێو و
موقەددەساتی هاموشۆی ژینتان بوو
لە کام وەرز بوایە
لە کام شەوی سارد و سایەقە بووایە
بە وێنەنمای بیروباوەڕی گەرم و تیژتان
هێلکاریی شوێن پێی یەکترتان دەکرد
بەرەو ئاکام
یەکترتان هەڵدەگرتەوە
کوردستان لە نێو دڵتان دایکێک بوو میهرەبان
هێما
خواست
خۆڕسک
چیا سەرکەشەکان لەژێر ڕەشماڵی حەوانەوەتاندا

بۆ هەر چوارتان ئامێزی دەگرتەوە
گوڵ لە برین دەڕوێ
برین لە باوەڕ باوەڕ لە ئاسۆ
ئاسۆ لە زۆریی جەور و ئەزموون
ئەزموونەکان گشتی گوناهی بێ ئیرادەی مێژوون
هەنگاو کەی گەورە دەبێ
بۆچوون کەی مەبەست دەپێکێ
سەرکەوتن ئەو کات ڕێگای لێ دەبێتەوە
کە دەروون ئاکاری لێبووردن بڕوێنێ
هیوا ئەو کات نزیکە
لەسەر پشتی ئەسپێکی شێوە - با - غاربدات
هێز کاتێ تریفەی بەسەر گەڵا پەخش دەکات
کە خۆر ئەستوونی بۆ سەر زەوی بکشێ
لەبەر ئاوێنەی یەک پارچەییدا
ملیۆن گەردیلەی کۆک
زامی سینگیان بەکەوانەی پیرۆزی - با - بەرەڵاکات

(ترس دوژمنێکی کۆنینەی هەیە ناوی "ترسە" کە گۆپکەی لە درەخت پشکوت، لانەی شەیتانۆکەی لە قژی دیبلۆماسییەکان تroوکا، شیری دەستی حاکم و خەتیب دەرزی برد، سەرجەمی خەڵکی بێدەنگ بوون، جا ترس دەبێتە شاترس لە دەروون هەمیشە گەورە دەبێ، هەنگاوەکان دەپوکێنێتەوە و ڕووخێنەرە هیچ بنیاد نانێ...).

هەیکەلی باز



وێنەی سوارێکی لە ئەسپ پەڕیو
سێبەری سەرکردەیەکی گەمارۆدراو
ماسکی ئەو شەقامەن
منداڵەکانمان
بەیانیان پێیدا دەڕۆنە قوتابخانە
تیرامانی ئاوەژوو بۆ ئەندازەی شەقامەکان
ئاوێنەیەکی تۆزاوی بوو
تریفەی مانگ بەکاتێکی بازنەیی لێم بۆوە
کتێبێکی ڕەنگ شیرین
خۆرێکی تام زەرد
بەنووکی قەڵەمی منداڵە خۆشنووستووەکە بەڕێوەوە
کۆتایی بەندم بەسێبەری تاڵی خوێن هێنا
ڕەنگە لە دوا تەمەنی مەلێ بفڕم
هەزار و یەک ڕۆژ نووستم
وشەیەکم خوێندووە
ڕۆمانی میللەتێکی ڕۆژهەڵاتیم پێ نووسییەوە
زیندانی مرۆڤ و مەلە سپییەکان مەکەن
خوێنی ڕەنگاوڕەنگی شیعر
لەبەر دەرگای هیچ پاشەیەک مەڕێژن
لەشکر بەزێن بوون ئەوان
ئێستا گاڵتەی بەخت
زەماوەندی ئامۆزای زەوی لە کاتژمێر بیست و پێنج

له یانەی ویژدانی کوێرە پیاوێکی ڕەزیل ساز دەکرێ
پیاو خۆی دەنواند
کۆسەیەکی هەناو کرمنی لێ دەرچوو
زستان گەر هات
بەیادگاری کێ پێستم وشک کەم
تفەنگەکەم فیشەکی تیانەما
نیشانەی ئاشتی پێوە دیارە
مەگەر
تفەنگەکەم
دووبارە لێم
یاخی نەبێ
کوا هاوکێشەی خێر و شەڕ
دەستی چەپی مێژوو پێنج ئەنگوستی هەبوو
هۆلاکۆ
جەنگیزخان
هتلەر
فرانکۆ
سەددام
دەستی ڕاستی مێژوو هەزار ئەنگوستی هەیە
ئەی بۆچی ناتوانن کۆک بن
ئەی بۆچی شەڕ درێژەی هەیە
من له کارەساتی (هەڵەبجە)



له تاوانی (ئەنفال)
له هەڵەی (برا کوژی)
توڕەنیم
زۆر ڕقم له ویژدان مردووی خۆمانە
خۆمان گەورەترین تاوانین
خۆمان ویژدان نووستووی بەر بارانین
تیرێژە زەردەکان هەرگیز ڕەهەند نابن
بەکزەبای دڕکاوی لار نابنەوە
کێڵگەکان پاراو بکە
ئینجا کوتەڵێکی زەق له ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە
بۆ لیلۆزێ دروست بکە
جوودی جلوبەرگی تەڕی
بەسەر کەشتییەکەی نوح پەرش کرد
ئێستاش کوردەواری بەرموو بەملی کچەکانیان وەدەکەن
ئەو درووده دەڵێنەوە
که نوح بۆ کوڕەکەی کردی
دالآنی ڕۆح بەچ بەردێ جاڕ دەم
نواڵەی ئەو عەشقەی تۆ
له کوێوە چووە تیاچاف
مین ئاسا وا لەژێر پێمدا تەقییەوە
لەم ساڵاوە
بیابانی گیانێکی وشک و برینگ بوو

تەمەنی من
لەم باهۆزەدا
گەڵا وەرینی دیدە و هەست و نەستی
ناخ ئەسپ و
سەراپا ژان و بڕین بوو
تەمەنی من
گیای زیندووبوونەوە
لە هەرێمی تەوەرە گژە باکاندا
بەلەمێکی چارۆگەداری سەر شێتە
بێ پڕۆگرام شەپۆڵە شینەکان دەبڕێ
لەم وڵاتە نیوەی گوزەرانیم بەسەر چوو
بیری پێدزەییم هیشتا نەترووکا
نیوەکەی تریشی
چارەنووسی ڕەش بزر و مەرگێکی هێمن
ئای لەم وڵاتەی
هەمووی پایز و گەڵا وەرینە
تەمەنی من
ژەنەڕاڵە کەم ئەزموونەکان
ئێوە نەتانهێشت
لە باغی شۆڕشی شێخ ئەحمەد
لەڕەزە جوانەکەی شێخ مەحموود
لە کێلگە سەوزەکەی سمکۆی شکاک



لە مەرەزە خوێناوییەکەی قازی
لە وەرزە ڕازاوەکەی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان
فەریکە سێوێک بڕنین
ئێوە گوڵەکانتان ژاکاند
کوردستانی هەگبەیەک لە برین و سوێ
بەڕقی برا کوژیتان سوتاند
تەرمەکان لەبەر دەرگە شایی دەکەن
سێبەری پێست و گوللە
دوو ڕیز ساباتیان پەرژین داوە
پردە کۆنەکانی عەباسی
ئێستا کێ بەسەریان دا تێدەپەڕێ
بەو جووت سمێڵە تورکییە
بۆ وا چاوت لە مەلەکان سوور دەکەیتەوە
ڕەنگ و خوێ بڕژێنە برینێکی لاچەپی دەستت
بازێکی عەرەبی تێدا ڕادەپەڕێ
بەردە بازێک بدەرە بەرپێی مافوورێکی عەجەم
کۆلارەی بەختت هەڵفڕێنە
بزانە کامەیان لە دێرینەوە سووتماکی دێیەکانمان وێنە
دەگرن
موسا خەونی بەفیرعەون دیت
ئاگری لە ئاگر بەردەدا
هەر هەڕەم بوو دەبووە هۆما

شریقەی لێ هەڵدەستا
کە بەئاگا هاتەوە
دار عەساکەی بۆ دەریا هەڵدا
فرعەونەکان بوون بەتراویلکە
دوای خۆشی ئاساوارێکی پیرۆزیان جێهێشت
گەر گەشتێکی نێو جومگەکانم بکەی
منداڵێک تیادا بەچارەنووسی هەڵبزرکاوی یاری دەکات
لەمەیانگیری نێوان هەردوو تیپە شەڕکەرەکان
گورگێک لەناو گۆمە لیخنەکەی شەودا
سەقامگیر بووە
هێندە کۆنم لەگەڵ ئازار
شەقامی خەفەت یەکە یەکە هاوڕێ و
دار تێلەکانی دۆستمن
خوای مەزن
دوای شەش ڕۆژ لە بیرکردنەوە و دروست کردن
ئاکامی فرمانەکەی لادانی پەردە بوو لەسەر کەون
زەوی بۆ مرۆڤ ڕەخساند
لێرەڕا
مانگ و ڕۆژ
ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا
دوو هاوکێشەن
ڕۆژهەڵاتی داب و نەریت



ڕۆژئاوای هەڵگەڕانەوە لە ئاین
زۆرانبازی ئیمڕۆی دوو سیستەمی کۆن و سەردەمن
لە ڕۆژهەڵاتدا دوای کز بوونی دەسەڵات
ئێمە ئەی ڕۆژئاوا
پەروەردەی دەستی خراپەکاریی ئێوەین
ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ڕوویدات
لە کوشتن و زۆرداری و درۆ
هەمووی لە ئێوەوە فێر بووین
تەدمور
ئەبو غرێب
مەحەتە
سێ زیندانی دەست بەستنەوەی هەناسەی زەوین
سێ دامەزراوی کوشتنی ویژدانن
هێمای مل قووت کردنی کۆترە سپیلکەی گوێسەبانی
مزگەوت و کلێسەکانن
لە بڕی چی مەودا بەتاوان دەدرێ
لە کاتێکا هەموو ژیان بەشی ئازادی ناکات

(منداڵە ڕۆژهەڵاتییەکە ئاماژەی هێشتا بەپەنجەکانی دەستی نەدابوو، مۆری نەگبەتخانەی بەناوچەوان لکا، پێخاوسی و بێ بەرهەم و پرۆگرام لە شەقامەکانا هەموو تەمەنی دەسوڕایەوە، لەتێ نان و کۆشێکی گەرم و پێنووسێکی بڕشتی لێ دەبوون بەخەونی حوشتر و قوڕگی نەهەنگەکەی یونس)

چراکانی ڕۆژهەڵات

ڕێگاکانی ڕۆژهەڵات
دانیشتنەکانی ڕۆژهەڵات
دەبێ کۆتایی کۆشش بچینەوە گیرفانی ڕۆژئاوا
چەند ڕقم لێتە ڕۆژئاوا
(ئێرە خۆشترە لە شەقامە بلورینەکانی ئەوێ، ژنە بەحەیاکانمان باشترن لە پەرییە ڕووتەکانی ڕۆخ دەریا ، بێ پاسەپۆرت سوڕانەوە لە شێخەڵڵا بەتامترە لە ڤیزەی ولاتانی هەندەران)
ئەنگوستیلەی ئەڵماس
سەلیبی زێڕ
قۆریی پلاتین
کەوچکی مس
(بۆ نایەن هەموویان لە مەزاتخانە هەڕاج کەین کامیان زیاتر پارە بکات، ئەویان بخەینە ملی "پاپا" تا تۆزێک ڕاستگۆتر بێت)
پیاوە یەهودییەکە زەردە مسکی بە ڕیشهێشتنەوەی ئێوە دێ
خۆ دەزانێ شمشێری دەستی سەلاحەدین
لە کاتی مردنیا لەگەڵیا لە گۆڕ نێژرا
(حەتین)یش جارێکی تر شوێنی مل شکانیان نابێ
دڵی بەکامب دێڤد خۆشە
کوردە موسڵمانەکە
بێ دیمانە و گفتوگۆ
ئیبن ڕوشدی دەخوێندەوەو
جوێنی بە " سەلمان ڕوشدی" و "نەسرین" دەدا
لە ئاکامی ڕەفتارە دۆڕاوەکانی ئێوە



دوای شەش ساڵ بێ مێردی
مەڕ
شیری مەڕ
مار
ژەهری مار
ژنە بێوەژنەکە گوێ مەمکی مەڕ و زمانی مارەکەی
بەیەکسانی دەمژی
لەم ولاتە هەمیشە جەنگەدا
(سێبەرم دی بەلکی دارکاژێ هەڵواسرابوو، بەپژمینی قەدی دارکاژەکە دەبووە نووشتە و ژێر دارەکەش مەرقەدی ئەسحابەیەکی شەهید، هەینییان ژنانی نەزۆک لە دەوریا کۆڕ دەبەستن نزای حەماسەت بۆ خوا دەبەن، بەڵکو منداڵیان پێ ببەخشێ، دوای نزاکانیان یەکسەر پەشیمان دەبوونەوە و گۆڕی ئەسحابەکەیان بێ ئاو ڕشێن جێ دەهێشت)
منداڵمان بۆ چییە
کە لە شەڕێکی چاوەڕوانکراو
یان ناچاوەڕوان دا بکوژرێن
خوایە
کەی ئەمە ولاتە
کەی دەستت لە خوێنی کوژراوەکانی
مانگ سی ڕۆژەمان شل دەبێ
چاکترە لە دایک نەبووەکان
تا ولاتێکی دوور لە وێرانی
دروست دەکەینەوە

چیتر بەئارایشتی ڕۆژئاوا سڕ مەبن
ئەو سەوزە فریز و گوڵدان و باخچەیەی ئاسۆتانی پۆشیوە
ژێری چاڵێکەو گیانی بێ گوناهی یوسفی تێدا ئازار دەدرێ
سەرەتا
بیری ڕۆژهەڵات چرابوو
ئیمڕۆ تەزبیح و دار جغارە و دامە
ئەندازەی مێشکمانی مۆمیا کرد
ترس لە پەڕینەوەی تەکنەلۆژیا
چرکە بەنرخەکانی سەرجەم ژیانمانی مردار کرد
با دیسان ئەسپە شێی یەکەم پەیام تاودەین
باوەڕ بکەینە قەڵغان و بنیادنان
شانەدەر چەشنی "دەلمون"
هەولێر بکەینە "یۆتۆبیا"
کوردستانی گەورەش
ئاسمانی وڵاتی هەمیشە ڕۆژ لێ ئاوانەبووی
سۆز و بەخشش
هەموو کات
بوونم لە ئامێزی ڕۆژهەڵاتدا گەورە دەکەم

١٩٩٦ - هەولێر



# پێڕست


کەڤاڵێک لە دەنگی وشکایی ........ 7
هەرەس ........ 12
جەنگی وێنەکان ........ 16
کەداری مردن ترس دەگرێ ........ 18
ئەستێرەکان دەکوژرێن ........ 22
سبەی ........ 26
منداڵیی کوردستانییەکان ........ 29
ڤەهێڵی گیانەکان ........ 35
غەمێک وەک پرتەقاڵ ........ 38
گڤەی - باو- خوێندنەوەی کتێب ........ 45
ئارەزووەکانی ماسی گرێکی ڕێک پۆش ........ 50
پیاڵەیەک لە شەرابی خەو ........ 55
ئاوێنەکانی ڕۆژهەڵات ........ 58